# جیهان وەکوو پرسیار: چاوپێکەوتن لەگەڵ میلان کۆندێرا

سازدانی: فلیپ ڕۆس

وەرگێڕانی: زەردەشت نورەدین

سەرنجی وەرگێڕ

فلیپ ڕۆس (١٩٣٣-٢٠١٨) یەکێک لە گەورەترین ڕۆماننووس و چیرۆکنووسەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستی ئەدەبی ئەمریکییە. ناواخنی کارەکانی زیاتر خودژیاننامەییە و بە دەوری ژیانی خۆیدا دەسوڕێتەوە؛ بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت ژیانی خۆی لەناو ڕۆمانەکانیدا نووسیبێتەوە بەڵکوو بۆ کاڵکردنەوەی سنوری نێوان واقیع و ئەدەب سوودی لێ دەبینی کە دواجار بوو بە ناسەرەوەی ستایلی نووسینی. هیچ بەرهەمێکیم بە زمانی کوردی نەبینیوە.

میلان کۆندێرا، یەکێک لە گەورەترین ڕۆماننووسەکانی جیهانە، کە ١٩٢٩ لە چیک لەدایک بووە و تا ئێستا خۆشبەختانە لە ژیاندا ماوە. یەکەم ڕۆمانی لە ساڵی ١٩٦٧ بەناوی" گاڵتە" بڵاو کردەوە و دوایین ڕۆمانی بە ناوی "ئاهەنگی بێمانایی" لە ساڵی ٢٠١٤ بڵاو کردەوە. کۆندێرا جیاواز لە هەر ڕۆماننووسێکی تر، لە ئەدەب بە گشتی و هونەری ڕۆمان بە تایبەتی بیر دەکاتەوە و بە تەنیشت ڕۆمان، چیرۆک و شانۆنامەکانییەوە، کتێبی ناگێڕانەوەشی هەیە کە ناباو لە ئەدەب و ڕۆمان دەدوێت. میلان کۆندێرا هەندێک لە بەرهەمەکانی بە زمای کوردی بڵاو بوونەتەوە لەوانە؛ سوکەڵەیی لەتاقەتبەدەری بوون، نەمری، پەردە، هونەری ڕۆمان، ژیان وا لە شوێنێکی دیکە، ئاهەنگی ماڵاوایی، ئاهەنگی بێمانایی.

بۆ کۆندێرا بە پێچەوانەی ڕەوتیزاڵی ڕۆمانی ئێستاوە کە بیرکردنەوە تێیدا ئاوا بووە و بەرەو لاساییکردنەوەی سینەما ڕۆیشتووە، بیرکردنەوە، کرۆکی ڕۆمانەکانی پێک دێنێت. ڕۆمان بۆ کۆندێرا گێڕانەوەی واقیع یان سەرروواقیع (فانتازی، خەیاڵی، ناواقیعی و ... تاد) نییە بەڵکوو کۆڵینەوەی بوونە و ڕۆماننووس بە کۆڵەری بوون دادەنێت بەڵام لە پانتایی ئەدەبدا نەوەک فەلسەفە. ئەگەرچی ئەم تێگەیشتنەی بۆ ڕۆمان زایەڵەی بیرکردنەوەکانی هایدگەری تێدا دەبیستین، بەتایبەت ئەو کاتەی چەمکی "بیرچوونەوەی بوون" هایدگەر لەپەیوەند بە ڕۆمانەوە بەکار دەبات،

بەڵام دەبێت ئەوە باش بزانین، کۆندێرا نایەوێت فەلسەفە و ڕۆمان ئامێتە بکات، وەک زۆرجار ئەو تۆمەتە دەدرێتە پاڵی، لەوەش زیاتر فەلسەفە بە سەرتر لە ئەدەب نابینێت.

کۆندێرا ڕۆمان بە «بوون»ـەوە گرێ دەدات نەوەک بە «واقیع»ـەوە. بوون زۆر لە واقیع گەورەترە و واقیع تەنیا ئیمکانە بەدیهاتووەکانی بوونە. هەر بۆیەش پێی وایە ڕۆمان دۆزەر یان کۆڵەری بوونە و ڕێگرە لە «بیرچوونەوەی بوون». هەر ڕۆمانێک وەها کار نەکات پێی وایە ناکەوێتە ناو «مێژووی ڕۆمان»ـەوە؛ هۆی بوونی ڕۆمان ئەوەیە جیهانی ژیان بەبەردەوامی روناک بکاتەوە و لەبەرانبەر بیرچوونەوەی بووندا بمانپارێزێت. لەپەیوەند بەمەوە کاتێک باس لە «مەرگی ڕۆمان» دەکات، ئەوە دەخاتەڕوو کە مردنی ڕۆمان بە مانای لەناوچوونی ڕۆمان وەک فۆرمێکی ئەدەبی کە چیدی کاری پێنەکرێت نایەت بەڵکو مردنی ڕۆمان ئەوکاتەیە کە ڕۆمان دەوەستێت و دەکەوێتەوە دەرەوەی خۆی. واتە ئەو ڕۆمانانەی نابنە کۆڵەری بوون ئەوا دەکەنەوە دەرەوەی مێژوو و دەبنە ڕۆمانی مردوو. ئەو جۆرە ڕۆمانانە ڕۆمانی پاش مێژووی ڕۆمانن. بۆ ئەمەش ڕۆمانی سەردەمی سۆڤیەت بە نموونە دەهێنێتەوە کە ڕۆمان تێیدا مردووە و ڕۆمان لەدەرەوەی مێژووی خۆی چاپ و بڵاو دەبێتەوە. بەدەر لە سۆڤیەت هەمیشە هاوکات لەگەڵ مێژووی ڕۆماندا، ئەو ڕۆمانانەش هەبوون کە کەوتوونەتە دەرەوەی مێژووی ڕۆمانەوە و بە دەیان هەزار نوسخەیان لێ فرۆشراوە، ئەوەی کە پێی دەگوترێت ڕۆمانی بازاڕی یان گشتپەسەند سەرەڕای ئەوەی ئەو ناونانە زۆر ورد نین.

بۆ کۆندێرا خودی ڕۆمان چەشنێکی ترە لە ڕووبەڕووبوونەوەی جیهان وەک چۆن فەلسەفە، یان ئوستورە چەشنێکی تری ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانە؛ ئەمەش بەمانای ئەوە دێت ڕۆمان هاوشێوەی فەلسەفە نەک هەر میدیۆمێکی ترە بۆ بیرکردنەوە بەڵکوو شێوازێکی تریشە بۆ بیرکردنەوە کە کەرەستە و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

بۆ نموونە لە دەستپێکی ڕۆمانی «سوکەڵەیی لەتاقەتبەدەری بوون»دا خوێنەر بەر پرسی گەڕانەوەی سەرمەدی دەکەوێت وەک پرسێکی فەلسەفی لەگەڵ ئەوەشدا، لەناو لەشی ڕۆماندا خراوەتەوە ڕوو بۆیە سنورەکانی فەلسەفە تێدەپەڕێنێت و لەناو ڕۆمانەکەدا ناونشین دەبێت. ئەگەرچی کوندێرا هەوڵدەدات ڕاستەوخۆ لەسەرەتادا لەسەری ڕاوەستێت بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە خودی ئەو پرسە ڕوون دەکاتەوە، ئاماژە ڕاستەوخۆکانی ناو ڕۆمانەکە نییە لێ چارەنووسی کارەکتەری ترێزایە لە ڕۆمانەکەدا بەدرێژایی ڕووداوە شەخسی و گشتییەکانی ژیانی و ئەو ئەزموونە تاقانەی بە تەنیشت کارەکتەرەکانی ترەوە دەیکات، ئەو پرسە ڕوون دەکاتەوە و خوێنەر بەری دەکەوێت.

جگە لەم پرسـە بە ڕەچەڵەک فەلسـەفییە کە هاتە ناو ڕۆمانەوە ڕەچەڵەکەشـی گۆڕا و خودی ژیانی ترێزا لەناو سـوکی و قورسـیدا لەناو جەسـتە و ڕۆحدا بۆی خۆی پرسـێکی تر دەخاتەوە؛ ئەوا دەشـێت ڕاسـتەوخۆ ئاماژە بە پرسـێکی ناو ڕۆمان بدەین بە گەڕانەوە بۆ پرسـی تاوان لە ڕۆمانی دادگایی کافکادا. خوێنەر دەتوانێت هەزاران تەفسـیر لەسـەر ڕۆمانەکە و لەسـەر تاوان بخوێنێتەوە بەڵام هەرگیز وەک کارەکتەری «جۆزێف کا» لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا بەشـــێوەیەکی ئەزموونی بەر تـاقـانەیی ئەو تـاوانە نـاکەوین. ئەو ئەزموون و شـــهودەی لەکـاتی خوێـنـدنەوەی ڕۆمـانەکەدا لەســـەر تـاوان خوێنەر ئەزموونی دەکـات هەرگیز هیچ جۆرە خوێندەوە و ڕاڤەیەک ناتوانێت بەرهەمی بهێنێت.

لەم چاوپێکەوتنەشـدا بەم جۆرە لەسـەر ڕۆمان دەدوێت :"ڕۆمان هیچ شـتێک ڕاناگەیەنێت؛ ڕۆمان دەپشـــکنێت و پرســـیار قوت دەکاتەوە". نازانم داخۆ نەتەوەکەم لەناو دەچێت و نازانم کام لە کاراکتەرەکانم ڕاستە. چیرۆک دەئافەرێنم یەکێکیان ڕووبەڕووی ئەویتریان دەکەمەوە و لە ڕێگەی ئەمەوە پرسـیار دەکەم. گەمژەیی خەڵک لەوێوە دێت کە یەک پرسـیاری لە هەموو شـت هەبێت. کاتێک دۆنکی شـــۆت جیهان دەبینێت، جیهان بۆ ئەو دەبێتە نهێنی. ئەمە میراتی یەکەم ڕۆمانی ئەوروپییە بۆ هەموو مێژووی ڕۆمان کە بەدوایدا دێت. ڕۆماننوس ئەوە فێری خوێنەر دەکات کە جیهان وەکوو پرسـیار فەهم بکات. لەو هەڵوێسـتەدا ژیری و هەڵکردن لەئارادایە. ڕۆمان لەو جیهانەی کە لەسەر دڵنیاییە پیرۆزەکان بینا بووە، مردووە. جیهانی تۆتالیتار، چ لەسەر مارکس یان لەسـەر ئیسـلام یان لەسـەر هەر شـتێکی تر دابمەزرێت، جیهانی وڵامەکانە وەک لەوەی جیهانی پرسـیارەکان بێت. لە شـوێنێکی وەهادا ڕۆمان جێگەی نابێتەوە. بەهەرحاڵ پێم وایە خەڵکی ئەم ڕۆژانە لەسـەرانسـەری دونیادا، ئەوە دەخوازێت کە حوکم بدات وەک لەوەی بیەوێت تێبگات، دەخوازێت وڵام بداتەوە وەک لەوەی پرسـیار بکات، هەر بۆیەش دەنگی ڕۆمان بەئەسـتەم لەناو ژاوەژاوی گەمژەیی دڵنیاییەکانی مرۆڤایەتیدا دەبیسترێت."

میلان کۆندێرا، لەم چاوپێکەوتنەدا کۆمەڵێ پرســی جیاواز دەوروژێنێت؛ لەوانە کۆتـایی دونیا، تۆتالیتاریزم، لەبیرچوونەوە، ئیرۆتیکا، پێکەنین، ژیانی شەخسی، ژیانی گشتی و فۆرمی ڕۆمان و ... تاد.

وتوویژی فلیپ ڕۆس لەگەڵ میلان کۆندیرا (١٩٨٠/١١/٣٠)

ئەم چـاوپێکەوتنە، پوختەیەکە لە دوو وتوویژی من (فلیـپ ڕۆس) لەگەڵ میلان کۆنـدێرادا، پـاش خوێندنەوەی دەسـتخەتی وەرگێرانی «کتێبی پێکەنین و لەبیرکردن - [1]«یەکێکیان هیی ئەو کاتەیە

کە بۆ یەکەم جار سەردانی لەندەنی دەکرد و ئەویتریان هی ئەو کاتەیە کە بۆ یەکەم جار سەردانی ئەمریکای کرد. لە فەرانساوە ئەو سەفەرانەی دەکرد؛ لە ساڵی ۱۹۷۵ ئەو و هاوژینەکەی، کۆچبەر بوون و لە شاری ڕێن دەژیان کە لەوێ وانەی دەوتەوە و ئێستا (۱۹۸۰) لە پاریسن. بەدرێژایی ئەم وتووێژانە، کۆندێرا ناوە ناوە بە فەرەنسی و زۆربەی جار بە چیکی دەئاخافت و "ڤێرا"ی هاوژینی وەرگێڕی بوو. پیتەر کوسی دوا نوسخەی لە زمانی چیکییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا.

ڕۆس: پێت وا نییە وێرابوونی جیهان نزیکە؟

کۆندێرا: بەندە لەسەر ئەوەی کە مەبەستت لە وشەی «نزیک» چییە.

ڕۆس: سبەی یان دوو سبەی.

کۆندێرا: ئەو هەستەی کە جیهان بەخێرایی بەرەو لەناوچوون دەچێت، هەستێکی دێرینە.

ڕۆس: کەواتە هیچ شتێک لەئارادا نییە کە نیگەرانمان بکات.

کۆندێرا: بە پێچەوانەوە. ئەگەر ترسێک بەدرێژایی چاخەکان لە زەینی مرۆڤدا مابێتەوە، ئەوا دەبێت شتێکی تێدا بێت.

ڕۆس: لە هەر ڕووداوێکدا، وا دیارە ئەم خەمە، باکگراوەندی هەموو ئەو چیرۆکانەیە کە لە دوایین کتێبتدا ڕوو دەدەن، تەنانەت ئەوانەی کە بە قەست سروشتێکی تەنزئامێزیان هەیە.

کۆندێرا: ئەگەر ئەو کاتەی کە منداڵ بووم، کەسێک پێی گوتبام: «ڕۆژێک دەبینیت کە نەتەوەکەت لە جیهاندا دەسڕدرێتەوە [و بوونی نامێنێت]» بە قسەی قۆڕم دەزانی، شتێکی وەهام بۆ وێنا نەدەکرا. مرۆڤ ئاگایە بەوەی کە دەمرێت، بەڵام ئەوەی لەلا ڕوونە کە نەتەوەکەی جۆرە ژیانێکی ئەبەدی هەیە. کەچی دوای هێرشی ۱۹٦۸ی ڕوسیا، هەموو چیکییەک ڕووبەڕووی ئەو بیرە بووەوە کە دەشێت نەتەوەکەی بەتەواوی لەسەر ڕووبەری ئەورووپا بسڕدرێتەوە، وەک ئەوەی بەدرێژایی پێنج دەیەی ڕابردوو، چل ملیۆن ئۆکراینی بەتەواوی لە جیهاندا سڕدرانەوە، بەبێ ئەوەی جیهان گرنگی پێ بدات یان لیتوانییەکانیش. ئەوە دەزانی کە لیتوانیا لە سەدەی حەڤدەدا، بەهێزترین نەتەوەی ئەورووپا بوو؟ لەمڕۆدا ڕوسەکان، لیتوانییەکانیان وەک هۆزێکی نیمچەلەناوچوو، لەژێر چاودێریدا هێشتووەتەوە؛ ڕێگەیان بە ڕووی سەردانیکەراندا بەستووە، تاوەکوو هیچ هەواڵێک لەمەڕ بوونیان دزە نەکاتە دەرەوە. نازانم داهاتووی نەتەوەکەم چۆن دەبێت. بێگومان ئەوە ڕوونە کە ڕوسەکان هەموو ئەوەی لە دەستیان دێت، دەیکەن تاوەکوو بەکاوەخۆ لەناو ژیاری خۆیاندا

بیانتوێننەوە. کەس نازانێت ســەرکەوتوو دەبن یان نە، بەڵام ئیمکانی هەیە و زانینی ناوەختی بوونی ئەگەرێکی وەها، بەســە بۆ ئەوەی تەواوی هەســتی ژیانی مرۆڤ بگۆڕێت. ئەم ڕۆژانە ئەورووپاش بە قابیلی شکان و لەناوچوون دەبینم.

ڕۆس: بەڵام هێشتا، ئایا چارەنووسی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئەورووپای ڕۆژئاوا هەر لە بنەڕەتەوە جیاواز نییە؟

کۆندێرا: لە تێگەی مێژووی کولتوورییەوە، ئەورووپای ڕۆژهەڵات بریتییە لە روســـیا کە بە مێژووی تەواو جیـاوازی خۆیەوە، ڕەگ و ریشـــەی بۆ جیهـانی بێزەنتی دەگەڕێتەوە. بۆهیمیا، پۆڵەنـدا و هەنگاریا وەکوو نەمســـا هیچ کات بە بەشـــێک لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات ئەژمار نەکراون. هەر لە سـەرەتاوە، لە چاخی گۆسیک، لە ڕێنیسـانس، لە سـەردەمی ریفۆرمی ئایینی – ئەو بزوتنەوانەی کە لانکەکەیان ڕێک ئەو ناوچانە بوو – بەشێک بوون لە سەربوردەی گەورەی شارستانییەتی ڕۆژاوا. لەوێدا لە ئەورووپای ناوەندیدا بوو کە کولتووری مۆدێرن گەورەترین بزوێنەرەکانی دۆزییەوە؛ بونیادگەری، دەروونشـیکاری، مۆسـیقای دوانزەدەنگی[2]، مۆسـیقای بارتوک[3]، ئێسـتاتیکای نوێی کافکا و مۆزیل لە ڕۆماندا. دوای جەنگی [دووەمی جیهانی] پێوەلکانی ئەورووپای ناوەندی (یان لانی کەم بەشی زۆری) بە شـارستانییەتی روسیاوە، بووە هۆی ئەوەی کە کولتووری ڕۆژئاوا، ناوەندی زیندوێتیی لەدەســـت بدات. لە مێژووی ڕۆژئاوادا لە ســـەدەی ئێمەدا، ئەمە گرنگترین ڕووداوە و ناتوانین لەم ئەگەرە چاوپۆشـی بکەین کە کۆتایی ئەورووپای ناوەندی، ئاماژە بە دەسـتپێکی کۆتایی ئەورووپا وەکوو گشتێک دەدات.

ڕۆس: لە بەهاری پراگدا، ڕۆمانی «گاڵتە[4]»و چیرۆکەکانت «ئەشقە پێکەنیناوییەکان[5]»لە پاریس بە تیراژی ١٥٠ هەزار بڵاو بوونەوە. دوای هێرشـــی روســـەکان، لە وانەوتنەوە لە ئەکادیمای فیلم ولاوە نرایت و هەموو کتێبەکانت لە ڕەفەی کتێبخانە گشـــتییەکان لادران. دوای حەوت ســـاڵ تۆ و هاوژینەکەت، چەند کتێب و چەند پارچە جلت هاویشتە ناو سندووقی سەیارەکەتەوە و بۆ فەرەنسا هاتن، لەوێ بوویت بە یەکێک لە خوێنراوەترین نووسەرە بێگانەکان. وەکوو کۆچبەرێک چ هەستێکت هەیە؟

کۆندێرا: وەکوو نووسـەر، ئەزموونی ژیان لە وڵاتە جیاوازەکاندا، بەخشـشـێکی گەورەیە. تەنیا ئەو کـاتە لە جیهـان تێدەگەیت کە لە چەنـد ڕووەوە لێی بڕوانیت. دوایین کتێبم «کتێبی پێکەنین و لەبیرکردن» کە بەرهەمی نیشـتەجێبوونمە لە فەرەنسـا، فەزایەکی جوگرافیای تایبەت دەکاتەوە: ئەو ڕووداوانەی کە لە پراگدا ڕوویان دا، لە ڕوانگەی ئەورووپای ڕۆژاواوە بینیم لە کاتێکدا ئەوەی لە

فەرەنســـا ڕوو دەدات لە ڕوانگەی پراگییەکانەوە تەماشـــای دەکەم. ئەمە ڕووبەڕووبوونەوەی دوو جیهانە. لە لایەک وڵاتەکەم هەیە: لە ماوەی نیو ســەدەدا ئەزموونی دیموکراســی، فاشـیزم، شـۆڕش، تۆقاندنی ســتالینیســتی لەگەڵ ئەوەشــدا پووکانەوەی ســتالینیزم، داگیرکاریی ئەڵمانیا و ڕوســیا و شاربەدەرکردنی بەکۆمەڵ و مردنی ڕۆژئاوا لە خاکی خۆیدا، کردووە. بەم بۆنەوەیە کە لەژێر باری مێژوودا دەچەمێتەوە و بە نقومی گومانگەراییەوە تەماشـای جیهان دەکات. لە لایەکی تر لەگەڵ ئەو فەرەنسایەدا سـەروکارمان هەیە کە بۆ چەندین سـەدە ناوەندی جیهان بوو و لەم ڕۆژانەدا بە هۆی نەبوونی ڕووداوی گەورەی مێژووییەوە ئـازار دەچێژێـت. هەر ئەمەشـــە، هەڵوێســـتوەرگرتنە ئایدۆلۆژییە ڕادیکاڵەکانی ئاشـــکرا دەکات. ئەمە ئاماژە بە چاوەڕوانیی لیریکی و دەروونپەشـــێوی هەندێ کاری گەورەی خۆی دەدات لەگەڵ ئەوەشدا نە ڕوو دەدات و نە هەرگیز دێتەدی.

ڕۆس: لە فەرەنسا وەکوو بێگانەیەک دەژیت یان لە ڕووی کولتوورییەوە بە ماڵی خۆتی دەزانی؟

کۆندێرا: تەواو خولیای کولتووری فەرەنسام و خۆم زۆر بە قەرزداری دەزانم. بەتایبەت بۆ ئەدەبی کۆنی. ڕابێلە ئازیزترینی نووســـەرەکانە لە لای من، هەروەها دیدرۆش. «ژاکی قەدەرگەرا[6]»م بە ئەندازەی لۆرێنس ســـتێرن خۆش دەوێت. ئەمانە دوو ئەزموونگەری مەزنی هەمیشـــەیی فۆرمی ڕۆمانن. دەتوانین بڵێین ئەزموونەکانیان دڵخۆشکەر و پڕ لە شـادی و گاڵتە بوو و ئێستا لە ئەدەبی فەرەنسا سڕدراوەتەوە و بەبێ ئەوانە هەر شتێک لە هونەردا بایەخی لەدەست دەدات. تێگەیشتنی دیدرۆ و ســـتێرن بۆ ڕۆمـان یارییەکی مەزن بوو. ئەوان فۆرمی ڕۆمـانی تەنزیان دۆزییەوە. بە بیستنی ئەرگومێنتی دەرسدادراوەکان [کە گوایە] ئیمکانەکانی ڕۆمان بەتاڵ بووەتەوە، ڕێک هەستی پێچەوانەم تێدا دروســـت دەبێت: ڕۆمان بەدرێژایی مێژووەکەی، ئیمکانی زۆری لەدەســـت داوە. بۆ نموونە بزوێنەری بەرەوپێشـچوونی ڕۆمان لە بەرهەمەکانی دیدرۆ و ستێرندا شاراوەیە و ئەوانەی بەدوایاندا هاتوون هەڵیاننەگرتووەتەوە.

ڕۆس: دەڵێن دوایین کتێبت «کتێبی پێکەنین و لەبیرکردن» ڕۆمان نییە و ســـەرەڕای ئەوە لە دەقی کتێبەکەدا، ئەوە ڕادەگەیەنیت کە ئەم کتێبە ڕۆمانێکە لە فۆرمی ڤاریاسـیۆنی [7][مۆسـیقا]دا. کەواتە ڕۆمانە یان نا؟

کۆندێرا: بەگوێرەی دادوەری ئێستاتیکی شـەخسی خۆم، بە ڕاستی ڕۆمانە بەڵام نامەوێت بۆچوونی خۆم بەسـەر هیچ کەسـێکدا بسـەپێنم. ئازادییەکی زۆر لە فۆرمی ڕۆماندا نوسـتووە. ئەوە هەڵەیە کە پێمان وا بێت بونیادێکی پێشـــوەختەی دیاریکراو هەیە وەکوو جەوهەری ڕۆمان کە ناکرێت لێی لابدەیت.

ڕۆس: لەگەڵ ئەوەشــدا شــتێک هەیە کە ڕۆمان دەکات بە ڕۆمان و بۆ ئەو ئازادییە ســنوورگەلێک هەن.

کۆندیرا: ڕۆمان پارچەیەکی درێژی پەخشـــانی ســـەنتێزکراوە کە بەندە لەســـەر یاریکردن بە کەســـایەتییە داهێنراوەکان. ئەمە هەموو ســـنووردارێتییەکەیەتی. مەبەســـتم لە دەســـتەواژەی «ســـەنتێزکراو» ئارەزووی ڕۆماننووســـە بۆ تێگەیشــتن لە بابەتەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە و بە تەواوترین شـــێوەی مومکین. وتاری ئایرۆنی، گێڕانەوەی ڕۆمانی، پارچەی خودژیاننامە، ڕاســـتی مێژوویی، فڕینی فانتازیا: هێزی ســـەنتێزکەری ڕۆمان دەتوانێت هەموو شـــت لەناو گشـــتێکی یەکگرتوودا، تێهەڵکێش بکات؛ وەکوو ســەداکانی مۆســیقای فرەدەنگ. [8]پێویســت ناکات یەکگرتووی کتێبەکە لە پلۆتەوە بڕسکێت بەڵکوو دەشێت لە ناواخندا فەراهەمی بکات. لە دوایین کتێبی مندا دوو ناواخن هەیە: پێکەنین و لەبیرکردن.

ڕۆس: پێکەنین هەمیشـــە لە تۆوە نزیک بووە. کتێبەکانت لە ڕێگەی گاڵتە و ئایرۆنییەوە، پێکەنین دەخەنەوە. هۆکاری غەمگینبوونی کەســـایەتییەکانی بەرهەمەکانت ئەوەیە کە ئەوان ڕووبەڕووی جیهانێک دەبنەوە کە خووی گاڵتەی خۆیان لەدەست داوە .

کۆندیرا: لە ســەردەمی تۆقانی ســتالینیدا بەهای گاڵتەم بۆ دەرکەوت. لەو ســەردەمەدا بیست ساڵان بووم. هەمیشــە ئەو کەســەی کە ســتالینی نەبوو، ئەو کەســەی کە پێویســتی بە ترســاندن نەبوو بە پێکەنینەکەیدا دەمناســـییەوە. خووی گاڵتەکردن ئاماژەی متمانەپێکراوی ئاشـــنایەتی بوو. لەو سەردەمەوە تا ئێستا لە جیهانێک ترساوم کە خووی گاڵتەکردنی خۆی لەدەست دەدات.

ڕۆس: لە دوایین کتێبدا ســـەرەڕای ئەمانە، شـــتێکی تر لەئارادایە. لە نموونەچیرۆکێکی [9]کورتدا، پێکەنینی فریشتەکان لەگەڵ پێکەنینی شەیتاندا بەراورد دەکەیت. شەیتان پێدەکەنێت، چونکە جیهانی خودا بۆ ئەو بێمانا دەردەکەوێت، فریشتەکان بە شادییەوە پێدەکەنن، چونکە هەموو شتێکی جیهانی خودا بۆیان ماناداره.

کۆندیرا: بەڵێ مرۆڤ لە یەک دەرکەوتەی فیزیۆلۆژی – پێکەنین – دوو هەڵوێســـتی مێتافیزیکی جیاواز دەردەبڕێت. کەســـێک کڵاوەکەی دەکەوێتە ســـەر ئەو تابووتەی کە تازە خســـتوویانەتە گۆڕەوە، خەڵکەکە دەکەونە پێکەنین و مەراسیمی ناشتنەکە مانای خۆی لەدەست دەدات. دوو ئاشق کە دەســـتی یەکیان گرتووە و بەناو ســـەوزەڵاندا ڕادەکەن و پێدەکەنن. پێکەنینیان هیچ ڕەبتێکی بە نوکتە یان گاڵتەوە نییە، ئەوە پێکەنینی جیددی فریشتەیە کە شادی بوونیان پیشان دەدات. هەر دوو

پێکنینەکە لەناو خۆشییەکانی ژیاندان بەڵام هەروەها ئاماژە بە دووانەی قیامەتگەرا [10]دەدەن: لە لایەک پێکەنینی پڕ تاسەی فریشتە دەمارگیرەکان کە تەواو باوەڕیان بە مانای جیهانیان هەیە و ئامادەن هەر کەسێک کە بەشداریی شادییەکەیان ناکات، لەسێدارەی بدەن و لە لایەکی تر، لە ئاراستەی بەرانبەرەوە، پێکەنینێک دێتە گوێ کە ڕایدەگەیەنێت هەموو شت بێمانا بووە، تەنانەت مەراسیمەکانی ناشتن گەمژانەیە و سێکسی گروپی تەنیا پانتۆمایمێکی گاڵتەجارانەیە .[11]ژیانی مرۆڤ بەم دوو خەرەندە گەمارۆ دراوە: دەمارگیری لە لایەک و گومانگەرایی موتڵەق لە لایەکی تر.

ڕۆس: ئەوەی ئێستا تۆ پێی دەڵێیت پێکەنینی فریشتە، دەستەواژەیەکی نوێیە بۆ «هەڵوێستی لەریکی ژیان»ـی ڕۆمانەکانی پێشووترت. لە یەکێک لە کتێبەکانتدا بڕگەی تۆقینی ستالینی بە فەرمانڕەوایی جەلاد و شاعیر دەبینی .

کۆندێرا: تۆتالیتاریزم تەنیا جەهەنم نییە بەڵکوو خەونی بەهەشتیشە – خەونی سەردەمی زێڕین کە تێیدا هەر کەسێک یەکانگیر لەگەڵ ئیرادە و باوەڕی هاوبەشی، بەدوور لە ژێرەوانکێی لەگەڵ ئەویتر بە تەبایی دەژیا. ئاندری برێتۆنیش ئەو کاتەی کە باسی لە خانووی شووشەیی دەکرد و حەزی دەکرد تێیدا بژیت، خەونی هەمان بەهەشتی هەبوو. ئەگەر تۆتالیتاریزم ئەم ئارکیتایپانە، کە لە بنەوانی بوونی هەمووماندا هەیە و ڕەگیان لە قوولایی هەموو ئایینەکاندا داکوتیوە، کەڵکی لێ وەرنەگرتبا، هیچ کات بەتایبەت لە قۆناغە سەرەتاییەکانی هاتنەبوونیدا، لە ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری خەڵکدا سەرکەوتوو نەدەبوو. لەگەڵ ئەوەی خەونی بەهەشت لە واقیعدا دێتە دی، لێرە و لەوێ هەندێ کەس پەیدا دەبن، بۆیە فەرمانڕەوایانی بەهەشت ناچار دەبن لە رووەکەی تری بەهەشتدا، گولاگ دروست بکەن. بەدرێژایی کات، ئەم گولاگانە گەورەتر و گەورەتر و تەنانەت کاملتر دەبن؛ لە کاتێکدا بەهەشتی تەنیشتی بچکووکتر و هەژارتر دەبێت.

ڕۆس: لە کتێبەکەدا گەورە شاعیری فەرەنسی پۆل ئێلوار بە بەهەشت و گولاگدا هەڵبەست دەچڕێت. ئەم وردە مێژووە کە لە کتێبەکەدا ئاماژەی پێ دەدەیت ڕاستەقینەیە؟

کۆندێرا: دوای جەنگ پۆل ئێلوار وازی لە سوریالیزم هێنا و بووە گەورەترین نوێنەری ئەو ڕەوتەی کە بە «شاعیری تۆتالیتاریزم[12]»ـی ناو دەبەم. بۆ برایەتی، ئاشتی، عەدالەت، داهاتووی باشتر دەیچڕی، بۆ هاوڕێیەتی و دژی گۆشەگیری دەیهۆنییەوە، بە شادیدا هەڵی دەدا و دژ بە غەم دەیهۆنییەوە، بە بێگەردیدا هەڵی دەدا و لە دژی سەگباوەڕی دەیهۆنییەوە. کاتێک لە ساڵی ١٩٥٠ فەرمانڕەوایانی بەهەشت، بۆ زاڤیس کالاندرای [13]سورریالیست، هاوڕێی پراگیی ئێلوار، سزای لەسێدارەدانیان بۆ بڕییەوە، ئێلوار هەستە شەخسییەکانی هاوڕێیەتی لەبەر ئایدیاڵە ناکەسییەکان

سەرکوت کرد و بۆ ڕای گشتی ڕەزامەندیی خۆی بۆ لەسێدارەدانی هاوڕێیەکەی ڕاگەیاند. جەلادەکە دەیکوشت و شاعیرەکە دەیهۆنییەوە. تەنیا شاعیرەکان نەبوون. هەموو برگەی تۆقاندنی ستالینی سەردەمی هاتەرانوپاتەرانی[14]لیریکی دەسەجەمعی بوو. ئێستا هەموویان لەبیر کردووە، بەڵام ئەوە کرۆکی بابەتەکەیە. مرۆڤەکان پێیان خۆشە بڵێن: شۆڕش جوانە، بەڵام ئەوە تۆقێنەری شۆڕشە کە خراپە دەخاتەوە، کەچی ئەم قسەیە ڕاست نییە. پرسی خراپە پێشوەختە لە پرسی جوانیدا هەیە، جەهەنم پێشوەختە لە خەونی بەهەشتدا ئامادەیی هەیە و ئەگەر بمانەوێت لە جەهەنم تێبگەین، ئەوا دەبێت جەوهەری بەهەشت بپشکنین کە زاگەکەیەتی. ئەوە زۆر ئاسانە کە گولاگ ئیدانە بکەین بەڵام ڕەتکردنەوەی شیعری تۆتالیتاریزم کە لە ڕێگەی بەهەشتەوە بە گولاگ کۆتایی دێت وەک هەمیشە شتێکی قورسە. لەمڕۆدا خەڵکی سەرانسەری زەوی بە ئاشکرا ئایدیای گولاگ ڕەت دەکەنەوە، بەڵام هێشتا ئارەزوویان هەیە خۆیان بدەنە دەستی، لە ڕێگەی ئەفسوونی شیعری تۆتالیتاریزمەوە و بە تۆنی هەمان هەڵبەستی لیریکی کە پۆل ئێلواری خرۆشاو فووی پێدا دەکات بەرەو گولاگی نوێ ڕێپێوان بکەن لە کاتێکدا دووکەڵی تەرمی کالاندرا لە دووکەڵکێشی زۆپای تەرمسووتێنەوە بەرز دەبێتەوە.

ڕۆس: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پەخشانی تۆ، ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامی پرسی گشتی و پرسی تایبەتییە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە سەربوردەکانی ژیانی تایبەتی لە باکگراوندی سیاسیدا ڕوو دەدەن یان ئەوەی کە ڕووداوە سیاسییەکان دزە بکاتە ناو ژیانی تایبەتییەوە. بە پێچەوانەوە، تۆ بەردەوام ئەوە نیشانی ئێمە دەدەیت کە ڕووداوە سیاسییەکان لە هەمان یاساکانی پێشهاتەکانی ژیانی تایبەتی پەیڕەوی دەکەن، ئەمەش وا دەکات پەخشانی تۆ ببێتە چەشنێک لە دەروونشیکاریی سیاسەت .

کۆندێرا: مێتافیزیکای مرۆڤ لە پانتایی گشتی و تایبەتیدا وەکوو یەکە. ناواخنەکەی تری کتێبەکە واتە «لەبیرکردن» وێنا بکە. مردن وەک لەدەستدانی خود، یەکێک لە کێشە گرنگەکانی ژیانی تایبەتی مرۆڤ، بەڵام ئەو خودە چییە؟ سەرجەمی هەموو ئەو شتانەیە کە بە یادی دەهێنینەوە، کەواتە ئەوەی ئێمە لە مردن دەترسێنێت لەدەستدانی داهاتوو نییە، بەڵکوو لەدەستدانی ڕابردووە. لەبیرچوونەوە فۆرمێکی مردنە کە لە ژیاندا حزوری هەیە. تەنگژەی ژنەپاڵەوانی کتێبەکەی من ئەوەیە نائومێدانە هەوڵ دەدات، تا بیرەوەریی ڕوولەنەمانی هاوسەرە خۆشەویستە کۆچکردووەکەی بپارێزێت بەڵام هاوکات لەبیرکردن تەنگژەی گەورەی سیاسەتیشە. کاتێک دەسەڵاتێکی گەورە دەیەوێت وڵاتێکی بچووک لە ئاگایی نەتەوەیی بێبەری بکات؛ دەست بۆ شێوازە ڕێکخراوەکانی

لەبیربردنەوە دەبات. ئەمە ئەو شتەیە کە لە ئێستادا لە بۆهێمیادا روو دەدات. هەر شتێک کە لە ئەدەبی هاوچەرخی چیکدا کەمێک بەهای هەبێت بۆ ماوەی دوانزە ساڵە بڵاو نەبووەتەوە؛ دوو سەت نووسەری چیک لەوانە کافکای کۆچکردووش قەدەغە کراون؛ ١٤٥ مێژوونووسی چیک لە وانەوتنەوە دوور خراونەتەوە؛ مێژوو دیسان دەنووسنەوە و مۆنیۆمێنتەکان وێران دەکەن. نەتەوەیەک کە ئاگایی رابردووی لەدەست بدات بەکاوەخۆ خودی خۆیشی لەدەست دەدات. لەم پنتەوە دۆخی سیاسی دڕندانە دەرخەری تەنگژەی مێتافیکی و رۆژانەیی لەبیرکردنە کە بەبێ ئەوەی سەرنجی ئێمە ڕابکێشێت، هەردەم و هەموو رۆژێک رووبەڕووی دەبینەوە. سیاسەت ماسکی مێتافیزیکی ژیانی تایبەتی هەڵدەماڵێت و ژیانی تایبەتی ماسکی مێتافیزیکی سیاسەت هەڵدەماڵێت.

رۆس: لە شەشم پاژی کتێبی ڤاریاسیۆنەکانت، کاراکتەری سەرەکیی ژن، «تامینا» لە دورگەیەکەوە سەر دەردەهێنێت کە تەنیا منداڵی لێیە. لە کۆتاییدا منداڵەکان دەیکوژن، ئایا ئەمە خەونە، حەکایەتی پەرییەکانە یان هێماچیرۆکە[15]؟

کۆندێرا: هیچ شتێک ئەوەندەی هێماچیرۆک بە من نامۆ نییە، نووسەر چیرۆکەکان دادەهێنێت بۆ ئەوەی هەندێ تێز بکێشێت. رووداوەکان چ ریالیستی بن یان خەیاڵی، دەبێت لە خۆیاندا هەڵگری مانا بن و مەبەست لێی ئەوەیە لە ڕێگەی هێز و شیعریەتەوە خوێنەر بە شێوەیەکی سادە لەخشتە بەرێت. ئەم وێنەیە هەمیشە ئەفسوونی کردووم و لە برگەیەکی ژیانمدا زۆر لە خەونەکانمدا دووبارە دەبووە: مرۆڤ خۆی لە جیهانێکی منداڵانەدا دەدۆزێتەوە کە ڕێگەی هەڵهاتنی تێدا نییە و لەناکاو ئەو منداڵییەی دەیکەینە ستران و پێیدا هەڵدەدەین خۆی وەکوو سامناکی رووت دەردەخات. وەکوو داوێک. ئەم چیرۆکە هێماچیرۆک نییە، بەڵام کتێبەکەم بە جۆرێک فرەدەنگە کە چیرۆکە جیاوازەکان هەر کامیان بە هاوبەشی دەخاتە ڕوو، روون دەکاتەوە و چیرۆکەکانی تر تەواو دەکات. رووداوی بنەڕەتی کتێبەکەم، چیرۆکی ئەو تۆتالیتاریزمەیە کە کەسەکان لە هەبوونی یادگە بێبەری دەکات و بۆ نەتەوەیکی منداڵی دەستەمۆ دەگۆڕێت. هەموو تۆتالیتاریزمەکان هەمان کار دەکەن. پێدەچێت تەواوی سەردەمی تەکنیکیی ئێمە ئەمە بکات لە ڕێگەی پەرستەی داهاتووەوە[16]، لە ڕێگەی بێباکییەکەی بەرانبەر ڕابردوو و بێمتمانەییەکەی بەرانبە هزر. لە دڵی ئەم کۆمەڵگا لاوسالارە دڵڕەقەدا، کەسێکی وەکوو تامینا کە توانستی ئایرۆنی و یادگەی هەیە وا هەست دەکات لە دورگەی منداڵاندایە.

ڕۆس: بە نزیکەیی هەموو ڕۆمانەکانت، لە راســـتیدا هەموو بەشـــەکانی دوایین کتێبەکەت، کۆتایی خۆیان لە دیمەنی ناوازەی ســێکســکردندا دەبیننەوە. تەنانەت ئەو بەشــەش کە لەژێر ناوی پیرۆزی «دایک»دایە، ئەویش هەر دیمەنێکی درێژی سێکسی سێ کەسی تێدایە لەگەڵ پێشەکی و پاشەکیدا. سێکس بۆ تۆ وەکوو ڕۆماننووسێک چ مانایەکی هەیە؟

کۆندێرا: لەمڕۆدا ئارەزووی سێکسی چیدی تابۆ نییە، تەنیا وەسفکردن و تەنیا دانپێدانانی سێکسی بە شـــێوەیەکی دیار بووە بە شـــتێکی وەڕزکەر. لۆرێنس یان تەنانەت هێنری میلەر، بە هۆنینەوەی فاحیشەییەوە! چەنێک بەسەرچوو دێنە پێشچاو کەچی هێشتا هەندێ پارچەی ئیرۆتیکی ژێرژ باتای کاریگەریی نەبڕاوەی لەسەرم داناوە. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە هۆنینەوەیی نەبێت بەڵکوو فەلسەفی بن. لەوەدا ڕاست دەکەیت، لە لای من هەموو شت بە دیمەنێکی ناوازەی ئیرۆتیکی کۆتایی دێت. ئەو هەســـتەم هەیە کە دیمەنێکی ئەشـــقی جەســـتەیی ڕووناکییەکی زۆر بەهێز دەخاتەوە کە لەناکاو جەوهەری کەسایەتییەکان ئاشکرا دەکات و ڕەوشی ژیانیان بە پوختی نیشان دەدات. تامینا لەگەڵ هۆگۆدا ســێکس دەکات، لە کاتێکدا نائومێدانە هەوڵ دەدات بیر لە پشــووە لەدەستچووەکەی لەگەڵ مێردە کۆچکردووەکەیدا بکاتەوە. دیمەنی ئیرۆتیکی، چڕ دەکاتەوە لە کاتێکدا ناواخنەکانی چیرۆکەکە پەرت دەکات و شاراوەترین نهێنییەکان تێیدا نیشتەجێ بوون.

ڕۆس: بەشـــی حەوتەم و کۆتایی جگە لە ئارەزووی ســـێکســـی، لە هیچی تر ناکۆڵێتەوە. بۆچی کتێبەکەت بەم بەشە کۆتایی پێ دێت تاوەکوو بەشەکانی تری، بۆ نموونە وەک [بەشی] شەشەم کە زۆر هەستبزوێنە و ژنەپاڵەوانەکە تێیدا دەمرێت؟

کۆندێرا: تامینا بە دەربڕینێکی مێتافۆرییانە، لەناو پێکەنینی فریشـــتەکاندا دەمرێت. لە لایەکی تر لە دوایین بەشـــی کتێبەکەدا، جۆرە پێچەوانەکەی تری پێکەنین دەنگ دەداتەوە، ئەو جۆرەی پێکەنین کاتێک شتەکان مانا لەدەست دەدەن، بەر گوێ دەکەون. هەندێ هێڵی خەیاڵی جیاکەرەوە لەئارادایە، لەودیوەوەی شـــتەکان بێمانا و گەمژانە دەردەکەون. کەســێک لە خۆی دەپرســێت: ئەوە پووچ نییە بەیانیان لەخەو هەڵسم؟ بڕۆم بۆ ئیش؟ بۆ هەر شـتێک هەوڵ بدەم؟ سـەر بە نەتەوەیەک بێت تەنیا لەبەر ئەوەی بەو شـێوەیە لەدایک بوویت؟ مرۆڤ لەســـەر لێواری تخوبەکانی دەژی و بە ئاســـانی دەشـــێت بکەوێتە ئەودیو تخوبەکانییەوە .ئەو تخوبانە لە هەموو شـــوێنێک هەیە، لە هەموو پانتاییەکانی ژیانی مرۆڤ، تەنانەت لە قووڵترین و سروشتیترینیاندا لە گۆڕێیە: ئارەزووی سێکسی. ئەمەش ڕێک لەبەر ئەوەیە کە قووڵترین قەڵەمڕەوی ژیانە و پرسـیارکردن لە ئارەزووی سـێکسـی

قووڵترین پرسیارە. ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە بۆچی کتێبی ڤاریاسۆنەکانی من بە هیچ ڤاریاسۆنێک کۆتایی نایەت جگە لەمە .

رۆس: کەواتە ئەمە ئایا ئەو دوورترین پنتەیە کە لە رەشبینیتدا پێیگەیشتووی؟

کۆندێرا: وریام بەرانبەر وشـەی رەشـبینی و گەشـبینی. رۆمان هیچ شـتێک راناگەیەنێت؛ رۆمان دەپشـکنێت و پرسـیار قوت دەکاتەوە. نازانم داخۆ نەتەوەکەم لەناو دەچێت و نازانم کام لە کاراکتەرەکانم راسـتە. چیرۆک دەئافەرێنم یەکێکیان رووبەڕووی ئەویتریان دەکەمەوە و لە رێگەی ئەمەوە پرسـیار دەکەم. گەمژەیی خەڵک لەوێوە دێت کە یەک پرسـیاری لە هەموو شـت هەبێت. کـاتێک دۆنکیشـۆت جیهـان دەبینێت، جیهـان بۆ ئەو دەبێتە نهێنی. ئەمە میراتی یەکەم رۆمـانی ئەورووپییە بۆ هەموو مێژووی رۆمان کە بەدوایدا دێت. رۆماننووس ئەوە فێری خوێنەر دەکات کە جیهان وەکوو پرسیار فەهم بکات. لەو هەڵوێستەدا ژیری و هەڵکردن لەئاردایە. رۆمان لەو جیهانەی کە لەسـەر دڵنیاییە پیرۆزەکان بینا بووە[17]، مردووە. جیهانی تۆتالیتار، چ لەسـەر مارکس یان لەسـەر ئیسـلام یان لەسـەر هەر شـتێکی تر دابمەزرێت، جیهانی وڵامەکانە وەک لەوەی جیهانی پرسـیارەکان بێت. لە شـوێنێکی وەهادا رۆمان جێگەی نابێتەوە. بە هەرحاڵ پێم وایە خەڵکی ئەم رۆژانە لە سـەرانسـەری دونیادا، ئەوە دەخوازێت کە حکووم بدات وەک لەوەی بیەوێت تێبگات، دەخوازێت وڵام بداتەوە وەک لەوەی پرسـیار بکات، هەر بۆیەش دەنگی رۆمان بەئەسـتم لەناو ژاوەژاوی گەمژەیی دڵنیاییەکانی مرۆڤایەتیدا دەبیسترێت.

سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

http://www.kundera.de/english/InfoPoint/Interview_Roth/interview_roth.html

---

[1] Book of Laughter and Forgetting

[2] dodecaphony

[3] BartÛk's music

[4] The Joke

[5] Laughable Loves

[6] Jacques le fataliste

[7] form of variations

[8] polyphonic music

[9] parable

[10] dual apocalypse

[11] comical pantomime

[12] poesy of totalitarianism

[13] Záviš Kalandra

[14] delirium

[15] allegory

[16] cult of the future

[17] sacrosanct certainties